## کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان: هەڕەشەکردن لە ژیانی عارف قوربانی هەڕەشەکردنێکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی

پێش ماوەیەک باندێکی تێرۆرکار هەوڵی تیرۆرکردن یان ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس عارف قوربانی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کەرکوکیان دا. کردەوەکە لە لایەن ئاسایشی شاری کەرکوکەوە ئاشکراکراوە. تیرۆرکاران لە لایەن ئاسایشی کەرکوکەوە گیراون و دانیان بە نیازی خۆیان ناوە و ئەوان لەسەر داوای بەرپرسیارێکی کورد کارەکەیان ئەنجام دەدا. بۆ ئەو مەبەستەش 100 هەزار دۆلار لە لایەن ئەو بەرپرسیارەوە تەرخان کرابوو. ئاسایشی کەرکوک کەسی ئاماژابووکراو و تیرۆکاران ڕەوانەی ئاسایشی سلێمانی کردۆن.
دەسەڵاتدارانی شارەکە دەیانەوێت کێشەکە لە هەوڵی کوشتن و تیرۆرکردن بکەنە کێشەیەکی کەسایەتی و ئاسایی بەرێگای شکاوەتکاری لە لایەن خودی عارف قوربانییەوە. عارف قوربانی بەهۆی کارەکەی و بیروباوەڕەکانییەوە هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە و کەسانی تاوانبار خەڵکانی دیاری کراون و دانیان بە تاوانەکەیان ناوە و لەناو دەسەڵاتدان. بۆیە دەبێ لە چوارچێوەی دژایەتیکردنی ئازادی ڕۆژنامەکەری و هەوڵی تیرۆرکردندا سزا بدرێن.
بە گوێرەی یاساکانی کاری ڕۆژنامەوانی دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ژیانی عارف قوربانی بپارێزێت و هەموو هەنگاوێک بنێت بۆ ئەوەی عارف قوربانی بتوانێت کار و ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی دوور لە هەڕەشە ڕاپەڕێنێت و تاوانبارانیش بە گوێرەی یاسا سزابدرێن.
ئێمە لە کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان کێسی ڕۆژنامەوان عارف قوربانی بە کێسێکی ڕەوا دادەنێین و نابێت دەسەڵاتی خۆجێیی بەردەوامی بە ئازاردانی بدەن و بە ئەرکی خۆیان هەڵسن بەبێ گوێدانە پلەوپایە و ئینتمای حزبیی تاوانبارەکە، کە بەرپرسیارە لە پارتێکی دەسەڵاتداردا.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان
ko_b_r_ku@yahoo.se
2006-11-15